



# یەکگرتوو



www.yakgrtu.org
ژمارە (٨٦٨) - دوو شەممە ٢٠١١/١٢/١٢ ز - ساڵی حەڤدەهەم
٢١ی (سەرماوەز)ی ٢٧١١ی کوردی - ١٦ی (محرم)ی ١٤٣٣ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە

## ئەمینداری گشتی یەکگرتوو و ئەمیری کۆمەڵ کۆبوونەوە

# یەکگرتوو: ئەوە (پارتی)یە ئامادەنیە زەمینە سازبکات بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ

**تایبەت-یەکگرتوو**

وەک بڕیار بوو سەرلەبەیانی دوێنێ (١٢/١١) کۆبوونەوەیەک لەنێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو و پارتیدا لە نوسینگەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەشاری هەولێر بەڕێوەبچێت، بەڵام یەکگرتوو لەوادەی خۆیدا ئامادە نەبوو بەشداری کۆبونەوەکە بکات، چونکە ئەندامە دەستگیرکراوەکانی ئازاد نەکرابوون، بۆ ڕۆشنایی زیاتر لەوبارەوە (د.سەلاحەدین بابەکر - ئەندام وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو) بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو وتی: «بڕیاربوو پێش ئەنجامدانی کۆبونەوە سەرجەم دەستگیرکراوانمان لەشاری دهۆک و زاخۆ ئازاد بکرێن تا دەرفەتی گفتوگۆکان باشتر برەخسێت، بەڵام ئەو کارە ئەنجام نەدرا، بۆیە ئێمەش ئەو گفتوگۆیەمان رەتکردەوە«، لەوەڵامی ئەوەی کە ئەوە کاری حکومەتەو کاتی پشوو بووە، بەڕێزی وتی: «لەسەردانەکەی سەرۆکی هەرێمدا بۆ دەڤەرەکەو کۆبونەوەی لەگەڵ نوێنەری لایەنە سیاسیەکاندا بڕیاردرا سەرجەم گیراوەکان ئازاد بکرێن، بەڵام تا ئێستاش ئازاد نەکراون، لەلایەکی ترەوە ئەگەر هەینی و شەممە پشوو بووە ئێمە شەو پێمان وتوون یەکشەممە دەوامە و دەرفەت هەیە ئازاد بکرێن، بەڵام ئەو رۆژەش تێپەڕی کەچی ئەندامانمان بێ پاساو لەزینداندا ماونەتەوە، هەرکاتێکیش ئەوانە ئازاد کران دەرفەتێک دەرەخسێت بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ بۆ چارەسەری کێشەکان، چونکە یەکگرتوو پێ وایە کە کێشەکان دەبێت لە رێگای گفتوگۆوە چارەسەر بکرێن، ئەوەش زەمینەسازی دەوێ». لە بارەی وەڵامی پارتیشەوە کە بەرپرسیارێتی ئەنجامنەدانی گفتوگۆکان دەخاتە ئەستۆی یەکگرتوو، ناوبراو رایگەیاند «ئەوە ئەوانن ئامادەنین زەمینەساز بکەن»، چونکە وەک بەڕێزی روونیکردەوە دەستگیرکردنی ئەندامانی یەکگرتوو دوای روودانی کێشەکانە، گفتوگۆی ئێمەش بۆ ئەو کێشانەیە کە روویداوە، بۆیە پێویستە ئەوانە ئازاد بکرێن.

لەلایەکی ترەوە ئێوارەی دوێنێ وەفدی باڵای یەکگرتوو بە سەرۆکایەتی بەڕێز ئەمینداری گشتی سەردانی بارەگای ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیان کرد، لەوبارەوە وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو وتی: «ئەو سەردانەمان بۆ لای مامۆستا عەلی باپیر بۆ نرخاندنی هەوڵ و ماندوبوونی بوو لە سازدانی گفتوگۆ و چارەسەری کێشەکانی دەڤەری بادیناندا، دووبارەش هۆکاری بەشداری نەکردنی یەکگرتوومان روون کردەوە«.

## جگە لە پارتی کەس نازانێ رۆژنامەنووسەکانی یەکگرتوو بە چ یاسایەک دەستگیر کراون



**جگە لە (١٤) ئەندامی یەکگرتوو کە لەدوای رووداوەکانی بادینان دەستگیرکراون، پێنج رۆژنامەنوسی یەکگرتووش دەستگیرکراون بەبێ هەبوونی هیچ پاساوێکی یاسایی.**

پاش هێرشی خۆپیشاندەرانی قەزای زاخۆ بۆ سەر سەنتەرەکانی مەساجو دوکانی مەیفرۆشتن دواتر هێرشکردنە سەر بارەگاکانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان و کەناڵەکانی راگەیاندنی لە ئەنجامدا ٢٣ بارەگای یەکگرتوو سوتێندراون، دواتر چەندین ئەندامی یەکگرتوو دەستگیرکراون لەنێویاندا پێنج رۆژنامەنووسی یەکگرتوو هەن کە بریتین لە (حەسەن یاسین-بەڕێوەبەری رادیۆی خابیر ، ئیسلام سەعید-بێژەری رادیۆی خابیر ، نورسی رەمەزان- دەرهێنەری تەلەفزیۆنی خابیر ، یوسف سلیم-پێشکەشکاری بەرنامە و ئوسامە نەسرەدین-وێنەگری تەلەفزیۆنی خابیر).

لە بەرامبەردا سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی کردن لە رۆژنامەنووسان داوای لە سەرۆکی حکومەت و هەرێم کرد کە دەستبەجێ ئەو رۆژنامەنووسانەی یەکگرتوو ئازاد بکرێن چونکە ئەمە پێچەوانەی یاسای کاری رۆژنامەوانی ژمارە (٣٥) پەرلەمانی کوردستانە، لە لایەکی ترەوە زیاتر لە (٦٩) رۆژنامەنوس و چالاکوان و هونەرمەند لەیاداشتێکدا کە ئاراستەی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتیان کردووە داوای ئازادکردنی پێنج رۆژنامەنوسە دەستگیرکراوەکەی یەکگرتوو دەکەن لە بادینان، لە بەرامبەر ئەم پێشلکاریانە (سەعید عەلی عەبۆ) ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان رایگەیاند: مەرجی سەرەکی یەکگرتوو بۆ کۆبوونەوەی لەگەڵ پارتی ئازادکردنی سەرجەم گیراوەکانییەتی لەدەڤەری بادینان کەتاکو ئێستا ژمارەیان (١٩) کەسەو لەو ژمارەیەشدا (١٦) کەسیان لەزاخۆو (٣) کەسیشیان لەشاری دهۆکن.

## مامۆستا سەلاحەدین: یەکگرتوو هەردەم برای ئاشتی بووە و، هەرگیز بەم فشار و ستەمکارییە لە رەوت و ستراتیژی خۆی لانادا.. ل٤





خۆپیشاندانی رەوەندی کورد لە بەریتانیا دژی سوتاندنی بارەگاکان

## یەکگرتوو: بە چوار مەرج لەگەڵ پارتی کۆدەبیتەوە

**جگە لەو چوار مەرجە یەکگرتوو، داوای زەمینەسازکردن و ئازاد کردنی سەرجەم گیراوەکانی دەکات**

دوای رووداوەکانی بادینان و سوتاندنی ٢٣ بارەگاو دەزگای راگەیاندنی یەکگرتوو لەم دەڤەرە لە کۆبوونەوەیەکی دوور ودرێژدا مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لەبارەی رووداوەکانی دەڤەری بادینان کە رۆژی شەممە ئەنجامدرا، بڕیاریاندا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی لە بارەگای ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کۆببنەوە بەڵام بە هۆی ئازاد نەکردنی ئەندامانی یەکگرتوو، دوینێ شاندی یەکگرتوو بایکۆتی کۆبونەوەکانی کرد.

سەبارەت بە مەرجەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم بارەیەوە (مەولود باوەموراد) ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بە سایتی کوردی راگەیاند:»مەرجەکانی ئێمە بریتین لەپۆزشهێنانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو تۆمەتانەی کەداویەتەپاڵ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

دووەم مەرج بریتییە لەوەی هەر ئیجرائاتێکی یاسایی دەکەوێتەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان پێی هەڵبسێت لەڕووی ڕێکخستنی حزبی خۆی.

مەرجی سێیەم، بریتییە لە ئیجرائاتی یاسایی و دارایی کەئەویش لەلایەن پەرلەمانی کوردستان لەهەشت خاڵ باس و خواسی لێوەکراوە.

چوارەم مەرجیش بریتییە لەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بکات.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو باسیشی لەوەکرد، ئەوان تاوانیان بەرامبەر کراوەو تۆمەتیشیان دراوەتەپاڵ، کەئەوەش هیچ پەیوەندییەکی بەیەکگرتووەوە نییە.

ناوبراو پێی وابوو پارتی دیموکراتی کوردستان بەدەم گفتوگۆکانەوەبێت، ووتیشی: ئەو کۆبوونەوەی لەسەر داوای ئەوان بووەو پەیامەکانیش لەرێگەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی و مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامییەوەدەبێت.

## بەرپرسی مەڵبەندی سێ و سیانزەی یەکگرتوو باس لە سوتانی بارەگای مەڵبەندەکانیان دەکەن

**سەیدا (نەسرەدین سەعید - بەرپرسی مەڵبەندی سێزدەی زاخۆی یەکگرتوو) دەڵێت: کە هەواڵمان بۆ هات ئەو کەسانە بۆ بارەگای ئێمە دێن، داوامانکرد کە ئەو برایانەی لەوێن بارەگا چۆڵبکەن تا زیانی گیانی نەبێت، کەسەکانیش دەناسین و دەزانین لە کوێ دەرچوون، بەڕێزی هۆکاری بەکارهێنانی سلنگیش بۆ سوتانی بارەگاکە لەلایەن گێرەشێوێنانەوە روون دەکاتەوە.**

بەرێزی زیاتر لەو بارەوە بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو دەدوێت و دەڵێت: «دیارە کە جگە لە بارەگای مەڵبەندی یەکگرتوو لە زاخۆ چەند بنکەیەکی تری یەکگرتوو لەو شارە سوتا وەکو هەردوو دەزگای رادیۆ و تەلەفزیۆن کە سەیدا بەو جۆرە باسی کرد: لەدوای سوتاندنی بارەگامان هەر پەخشی رادیۆ و تەلەڤزیۆنمان بەردەوام بوو، چونکە تەلەفزیۆن و رادیۆ لە نهۆمی سەرەوە بوون ئاگریش نەگەیشتبووە ئەوێ، لەبەرئەوە تەلەفزیۆنەکەش پەخشی لە کاردا بوو ئەگەرچی کەسی لێ نەبوو، بەڵام بە هۆی کۆمپیوتەرەوە بەرنامەی ئەرشیف لێدرا بوو کارەباش کوژابۆوە، بەڵام بە هۆی (یو پی ئێس) هەر لەکاردا بوو، دواتر کاتێ زانیان تەلەفزیۆن بەردەوامە چوون سرینگیان هێنا تا بە ناو پەنجەرەکانەوە چونە ژوورەوە، چونکە وەکو وتمان لە ژێرەوە ئاگر هەبوو و رادیۆ و تەلەفزیۆنیش لە نهۆمی چوارەم بوو ئینجا بەهۆی سرینگ چونە سەرەوە و بارەگای رادیۆ و تەلەفزیۆنیان تێکدا».

سەیدا (غازی سەعید - بەرپرسی مەڵبەندی سێی دهۆکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) لەوبارەوە دەڵێت: «وتمان با هیچ کێشەو رووداوێک لە دەستی ئێمە روونەدات، تاوەکو تەقە لەلایەن ئێمەوە نەکرێ و وتمان ئەرکی پاراستنی بارەگای ئێمە لە ئەستۆی حکومەت و پۆلیس دایە، ئێمە کە زانیمان تەواو ئیتر هێرش بۆ مەڵبەند دەکەن لە دەرگای پشتەوە رۆیشتین». ئاماژەی بەوەشدا کە « ناوی ئەوانەمان لایە کە هاتوونەتە بەر دەرگای ئێمە و بەردبارانی بارەگایان کردووین و لە کاتی پێویست لە دادگا هەمووی ئاشکرا دەکەین»، ناوبراو دەشڵێت: «ئێستا ئێمە بارەگایەکی ترمان هەیە کە تازە کردوومانەتەوە و لە بارەگای مەڵبەندی سێی یەکگرتوو کارەکانمان دەکەین و شوێنێکی تازەیە«.

**زانیاری زیاتر لە ل٣ دەخوێنیتەوە..**



لاپەڕە ٨ ، ٩